## ئایا لە کارەساتی بەرزانییەکان و ئەنفال وهەڵەبجە سەدام تاوانبارە یا سەرکردەکانی کوردستان؟ وەڵامێک بۆ علی محمود ... بەشی دووەم ... عبدالرحمن بەندە باوەگوڕگوڕی

کاکە عەلی لەبەشێکی تردا بەهانە لە بی سەرو شوێن کردنی بەرزانییەکان بۆ سەدام دێنێتەوە دەڵێت (هەرچەندە پارتی بۆ خۆی هاشا لەوە دەکات لەو شەڕە بەشدار بوو بێت و پێش سوپای پاسداران کەوتبێت... لی رەتکردنەوەشیان بە شێوەی فەرمی نیە) هەڵبەتە بەرێزیان داوای (برا و ە الزمە) دەکات، ئەگەر نا لە بەرئەوەی کە پارتی چاوساغی ئێران بوون و سەرکردایەتی پارتی بەرزانی بوون کەوابوو سەدام لە بیسەروو شوێن کردنی هەر بەرزانییەك لە سەر هەق بووە، بە هەمان رێسا لە بەر ئەوەی بەرزانییەکانیش کورد بوون دەبوایە لەو لایەنەوە ئەو پرۆسە بەدناوەی ئەنفال هەر لە983وە دەستی پی بکردایە..

لە لایەکی تر بە مەبەست بێت یا لە ئەنجامی پەلە کردن و فریا نەکەوتن لە پیاچوونەوەی بابەتەکە بێت، ژمارەی بەرزانییەکان (5000-6000) دادەنێت (هێزەکانی عیراق لە نێوان پێنج بۆ شەش هەزار نێرینەیان را فراند... ) ئەمە لە کاتێك دایە بە لایەنگروو نەیارانی بەرزانییەکان هەموو سوورن لە سەر ژمارەی (8000) هەشت هەزار یا نزیکەی 8000 کەس و تەنانەت خوودی کاکە عەلی خۆشی لە بەشێکی تری نووسینەکەی ئاماژە بە (8000) هەشت هەزار کەس دەدات (رژێمێك بۆ دیدەبانی 8000 بارزانی قڕ بکات ئاساییە بۆ لێدانی نەوتەکەی کەرکوك.... هتد) کە لە ناوەراستی 1983 دووای شەری حاجی ئۆمەران لە ئۆردووگاکانی دەورووبەری هەولێر دەست گیر کران و پاشان بی سەروو شوێن کران.

بۆ هاوسەنگ کردن لە تاوانبارکردنی پارتی و یەکێتی و کوولانەوەی برینی شەڕی ناوخۆ لە هەشتاکان و نەوەدەکان چەند جارێك دەچێتە سەر هەڵەبجە و دەگەڕێتەوە حاجی ئۆمەران و بۆچوونەکانی نەوشیروان لە سەر شەڕی ناوخۆ دەورووژێنێت و پاشان دێتە سەر مانگرتنی خوێندکارانی زانکۆی سلاحەدین سالی 1983-1984 بە زۆر دەیەوێت بە ئەنقەست راستییەکان بشێوێنێت.

و یەکێتی نیشتمانی پی تاوان بار بکات کەگوایە یەکێتی داوای لی کردوون جەیش شەعبی بکەن و خزمەت بەرژێم لە شەری کەنداودا بکەن.

بۆ مێژوو راستی مەسەلە کە دەگێرمەوە با خوێنەر خۆی حوکم بدات. پاش وەستانی شەر و دەست کردن بە گفتوو گۆ لە نێوان رژێمی سەدام و یەکێتی لە کۆتایی سالی 1983 و لە گەرمەی شەری ئێران – ئێراق دا، حیزبی بەعس کەوتە پەیرەو کردنی هەندێك سیاسەتی ئیستفزازی بەرامبەر خەڵکی کوردستان. پاش چەند رۆژێك لە راگەیاندنی گفتوو گۆ و کەمبوونەوەی ترس لە ئەمن و بەعسییەکان لە ناو حەرەمی زانکۆ، سەرانی بەعس لە هەولێر کۆبوونەوەیەکیان بە بەعسییەکانی کە بریتی بوون لە بە ناو (یەکێتی قوتابیان-اتحاد الگلبە) لە کۆلیژی ئەندازیاری زانکۆی سلاحەدین لە هەولێر و شێوەی گفتوو گۆکەیان بەوە وەسف کرد کە مەسەلەی مفاوەزات لە ئارادا نیە و ئەم جەماعەتە واتە یەکێتی تەنگاوو بوونە بە هۆی گەمارۆی ئێران و بەرەی جوودی ئەو کاتە کە لە پارتی و شیوعی و حسك و پاسۆك پێکهاتبوو ئێمەش وەکو حیزبی بەعس لە میان هەڵوێستێی نیشتمانیەوە بۆ ئەوەی بێنەوە بەرەی نیشتمانی شەرمان راگرتووە دیارە ئەمەشیان بۆ چەواشەکردنی دۆست و لایەنگرانی یەکیتی بوو لە حەرەمی زانکۆدا چونکە بە هەق ئەو کاتە لایەنگران و رێکخستنەکانی یەکێتی لە نێو زانکۆی سەلاحەدین لە هەموو لایەنەکانی تر تەواو باڵاتر بوو، پاشان بۆ بەهاری 1984 بۆ زیاتر فشار خستنە سەر قووتابیان داوایان کرد کەدبێت هەموو قوتابییەك بە کوڕ و کچەوە ببێتە جیش شعبی و لە هاوین بچێتە رەبیە و معسکر، لە کاتێك دا حکومەتی بەعس خۆی زۆر باشی دەزانی کە قووتابیانی کورد بە

هیچ کلۆجێك ئامادە نین چەك بۆ رژێمەکەی هەڵگرن و پێش دووساڵ واتە لە ساڵی1981 کە یەکەم ساڵ بوو زانکۆ لە سلێمانییەوە بۆ هەولێر گواسترابووەوە و هێشتا شۆرش وابە هێزنەبووبوو هەمان داوای حیزبی بەعس رەت کرایەوە، خوێندکارانی کورد لە گەڵ ئەو هەموو هەڕەشەو توندوو تیژییە ئامادە نەبوون تەنها بتڵێك خوێن بۆ رژێم ببەخشن، سەرباری ئەوەی لە سالی 1982 لە جیاتی جیش شعبی بۆ حکومەت بکەن راپەرینێکی گەرەو بە هێز بۆ یەکەم جار لە هەولێر لە ناو کۆلیژی ئەندازیارییەوە کلێپەی سەندوو هەمووزانکۆ و پاشان ناو شاری هەولێریشی گرتەوە بەلام وەك پێشتر ئامازەم بۆی کرد لە بەهاری 1984. مەسەلەکە لەو کاتەدا بوو کە یەکێتی لە بەغدا لە گەڵ رژێم لە گفتوو گۆدا بوو، چەند کۆستەرێك قووتابی ئەو کاتە پێکەوە چوونە سورداش لە بەر ئەوەی بارەگای پێشەوەی یەکێتی لەوی بوو داوای هەڵوێستی یەکێتی یان لەسەر ئەو مەسەلەیە کرد. ئەوانیش ووتیان ئێستا ئێمە مفاوەزاتمان هەیەو دەزانین حکومەت بۆچی وادەکات، زۆر باش دەزانین بەرەی شەڕی ئێران بە ئێوە راناگیرێت وحکومەتی بەغدا گێچەڵتان پی دەکات، بەلام گفتوو گۆی ئێمە مەسەلەی میللەتێکە بە ئێوەشەوە و سزای نەکردنی جیش شعبییەکە لە جیاتی فەسڵ کردنی یەکجارەکی کراوە بە یەك سال فەسل َبۆ ئەوانەی کە ئەمری فەسلیان دەرچووە و ئەوانەی کە فەسڵیان دەر نەچووە دەتوانن تاقی کردنەوەی خۆیان بدەن بەلام یەك هەڵوێستی جوامێرانەی یەکگرتوو ی قووتابیان چۆکی دانەدا و چەند کەسێك نەبێت ئیتر کەس نەگەڕایەوە بۆ ئیمتحانی سەری ساڵ، هەرچەندە بەشێکی کەم فەسڵ کرا بوون بەلام ئەوانی تر مانیان بۆ فەسڵ بووەکان گرت (بەندە یەکێك بوو لەو 10 کەسەی لە کۆلیژی ئەندازیاری بەرکەوتن بانگ کران بۆ لای عمید و پاش رەت کردنەوە جلی جیش شعبی ناسنامەکەمی لیسەنرایەوە لە گەڵ 8 کەسی تر (یەکێکمان ترسا ووتی ئامادەم جەیش شەعبی بکەم) پێیان ووتین ئێوە فەسڵی تەواو کران)

ئێمە پێمان باشە تدریب بکەن بەلام مەچن بۆ بەرەی شەڕ و هەرکاتێك تەنگاو بوون ئێوە تەدریبی چەکەکەشتان کەوتۆتە سەر دوژمن و ئێمەش پێشوازیتان لی دەکەین، ئەگەر نا فەسڵ بکرێن هەر خۆمان زەرە دەکەین چونکە ژمارەی خوێنداکارانی کورد لە زانکۆ چەند هەزار کەسێك دەبوو کە دووا رۆژێکی پرشنگدار چاوەرێی دەکات و زۆربەی زۆرتان بەچکەی فەقیر و هەژارن، دەبن بە (مامۆستا- پزیشك –ئەفسەر – ئەندازیار... هتد) ن و خزمەت بە کوردستان دەکەن و لە داهاتوودا دەتووانن خزمەتێکی باشی گەلەکەتان بکەن.

( (سعدی مهدی سالح بەرپرسی باکوری حیزبی بەعس لە ساڵی 1985 لەو کاتەدا بەو خوێندکارانەی کەفەسلکرا بوو (بە هۆی ئەوەی ساڵی پێشووتر راسب بووبوون و ئەوساڵەش بە رسوب بۆیان حساب کراو بوو) و داوای یارمەتی گەڕانەویان لیی کردبوو. پێی ووتبوون ئێمە کێشەیەکمان لە گەڵ ئێوە نەبووەو دەتان گەرێنینەوە بەڵکو ئەمە گەمەیەکی سیاسی و فشارێك بوو لە گەڵ یەکیتی کردمان) )

نموونەی ئەو قسانەی کاکە عەلی تاوان باری بی تاوان دەکات، کاکە عەلی دەڵێت (هەرچەندە ئەگەر رژێم ئەو فاولە گەورانە دەسچنگ نەکوتایە نایتوانی بە سانایی ئەو نەخش فاشیستانەی خۆی خۆی وا بە سانایی جیبە جی بکات) دیارە بەڕێزیان مەبەستی هاوکاری شۆرشی کوردستان و ئێرانە؟ بۆ وەلامی ئەمە لە کاکە عەلی دەپرسم وێران کردنی گوندی (تۆپزاوە و ترکەلان) ی خوار کەرکەك هەڵکەوتوو لە دووریانی تکریت و حەویجە و ناحیەی یایچی کە بە درێژای شۆرشی کوردستان تا ساڵی 1991 پێشمەرگەی پی نەگیی هەر خەتای ئیران و پێشمەرگە بوو؟

لێدانی کەرکوك بە خالی دەست پێکردن و دایکی ئەنفال دەزانێت و بە ئاشکرا دەلێت (ئۆپراسیۆنی ئەنفال لە رەحمی ئەوەوە لە دایك بوو) واتە ئەگەر لە کەکوك نەدرایە بە واتایەکی تر ئەگەر کەرکوك شوی نکردایە بەو لێدانە ئەو ئەنفالە لە دایك نە دەبوو، بە لای کاکە عەلییەوە ئەم کەرکوکە هەر نەگبەتەو شوومە و دایکی ئەنفالە و دیارە سنوری کەرکوکە ئەوەندە گەورەیە گەیشتە بادینان و

ناوچەی بەرواری و کانی ماسیشی گرتۆتەوە. ئەم شەرە بە سەرەتای لە ناوچوونی نەتەوەیەك دادەنێت وبی ئەوەی ئاورێك لە دووای خۆی بداتەوە کە پرۆسەی لەناوبردن و سووتماك کردنی کوردستان بەشێك بوو لە بەرنامەو پەیڕەوی بەعسی.

بەهەق وناهەق دەیەوێت سەرکردایەتی شۆرشی رزگاری خوازی کوردستان پڕ خەوش بکات بروانە دەڵێت (بە مۆر کردنی ریکەوتننامەی سەربازی ئیران ینك کلّپەی ئاگری شەری ئیران ئیراق لە کوردستان جۆشی سەند) گوایە ئەگەر ئەو رێکەوتنە نەبوایە شەری ئێران ئێراق نەدەکەوتە کوردستانەوە هەڵبەتە کاکە عەلی ئەگەر خۆی لەگێلی نەدا هەر لە سەرەتای شەڕەوە و پێش رێکەوتنی ساڵی 1986 هەردوو حکومەتی ئێران و ئێراق بە دەستی ئەنقەست شەڕیان بۆ کوردستان گواستەوە وشەڕەکانی حاجی ئۆمەران ی گردەمەند وسیدەکان و نەوسوودو پێنجوێن بەڵگەی زیندووی ئەو راستییەن.

کاکە عەلی دەڵێت (سەر کردەکان هەموو دەم بە چەندن فرسەخ گوللە نەگەیشتووە پێیان)

راستییەکی هاشا هەڵنەگر هەیە کە یەکێك لە بنەما بەهێزەکانی سەرکەوتنی پێشمەرگەی کوردستان لە شەڕەکان دا لە گەڵ هەموو نابەرامبەرییەك لە چەك و ژمارە بۆ پێشرەوی و پێشەوەگرتنی فەرماندەکان لە بەرەی شەر و پەلامارەجەرگ برەکان دەگەڕێتەوە. نمونە ی ئەوانەش شەهید بوونی ئە و ژمارە زۆرە فەرماندە و سەرکردانەن چ لە ژێر پەتی سیدارە یا هەڵمەت بردن بووبێت کە پێویست بە ناوهێنا نیان ناکات.

abbabagurgury@yahoo. com